
Erbil Tourism 2014
ART CINEMA
TICO
Proudly Presents
1st
Erbil International Film Festival
5 - 10 May 2014
www.erbilfilmfestival.org



### بە بەشداریی دەیان ئەستێرەی سینەمایی جیهانی

# لە هەولێر یەکەم فیستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی ساز دەکرێت

بڕیار وایە لە سەرەتای مانگی داهاتوودا یەکەم فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی لە هەولێری پایتەختی کوردستان ساز بکرێت، لەم فیستیڤاڵەدا دەیان ئەستێرەی سینەمایی تورکی و عەرەبی و ئێرانی و هیندی و جیهانی بەشداری دەکەن و زۆربەیان یەکەم جارە سەردانی عێراق و کوردستان بکەن، سـەبارەت بە فیستیڤاڵەکە و ئامادەکارییەکان، شڤان جەمیل ڕێکخەر و ئامادەکاری یەکەمین فیستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتیی هەولێر بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.





**• بیرۆکەی یەکەم فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی چۆن هاتە ئاراوە و کێ بەڕێوەی دەبات؟**

- بیرۆکـــەی ئەم فیســـتیڤاڵە ســـاڵێك لە مەوبـــەر من و هاوڕێیەکی سینەماکار باسی فیستیڤاڵێکمان کرد لە شێوەی کان و ئۆســـکار، دواتر هەوڵماندا بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی سینەما ئەم کارە بکرێت، بەڵام ئەوان نەهاتنە پێش و ئەوە بوو بیرۆکەی فیستیڤاڵمان گۆڕی بۆ نێودەوڵەتی، زیاتر لە هەشت مانگە کارمـــان تێدا کردووە تا گەیشـــتوین بە قۆناغەکانی کۆتایـــی. بێگومان ئەم کارانە هەوڵ و ماندووبوونێکی زوری دەوێت و من و هەڤاڵانمان زۆر ماندووبوونمان بینیوە تا ئەمڕۆ، هیوادارم بتوانین ئەم فیســـتیڤاڵە هاوشـــێوەی کان و ئۆسکار بەڕێوە ببرێت.

**• کەرتی تایبەت ئەم فیســـتیڤاڵە بەڕێوەدەبات، بەشداریی حکومـــەت یاخود وەزارەتی رۆشـــنبیری لەم فیســـتیڤاڵەدا چۆنە؟**

- ئەم فیستیڤاڵە بە هاوکاری پارێزگاری هەولێر و لیژنەی باڵای سەرپەرشتی پایتەختی گەشتیاری، هەروەها بە پاڵپشتی کەرتی تایبەت و سپۆنســـەرایەتی چەندین کۆمپانیا دەبێت و بەڕێوەبردنی ئەم فیســـتیڤاڵە لە لایەن ســـێ کۆمپانیا بەڕێوە دەبرێت، کۆمپانیای تیکۆ میدیا و ئارت ســـینەما و دەزگای شـــڤان پەروەر، بە هاوکاری ئیمپایەر ســـینەما و کۆمپانیای ئۆرگانیز رێد ئاژانس بەڕێوەدەچێت .

**• سازکردنی فیســـتیڤاڵەکە هیچ پەیوەندییەکی بە بوونی هەولێر بە پایتەختی گەشتیارییەوە هەیە؟**

- بێگومان سازدانی فیستیڤاڵێك بەم شێوەیە هەوڵی زۆری دەوێت، راستییەکەی ئێمە پێشتر بیرمان لە بانگهێشت کردنی



میوانی زۆر نەکردبۆوە، بەڵام لەبەر ئەوی هەولێر بۆ ئەم ساڵ پایتەختی گەشتیارییە بڕیارمان دا لەگەڵ کردنەوەی یەکەمین فیستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتیی هەولێر چەندین ئەستێرەی بەناوبانگی جیهان بانگهێشت بکەین، ئەمەش بۆ زیاتر ناساندنی هەولێر بە وڵاتانی جیهان و لەگەڵ ئەمەش دا چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی بەناوبانگی جیهانی بانگهێشت دەکرێن و زۆربەشیان هەواڵەکانی فیستیڤاڵ بەشێوەی زیندو و لایڤ بڵاودەکەنەوە، ئەمەش دەبێتە باشترین ڕووداوی هونەر لە هەرێمی کوردستان و پێویستە هەموو جیهان ئەوە بزانێت کە پایتەختی کوردستانیش فیستیڤاڵی ساڵانەی سینەمای جیهانی هەیە و زیاتر هانی سینەماکاران دەدات بۆ بەرەو پێشبردنی بواری سینەمای کوردی.

**• ئێوە و بەڕێوەبەرایەتیی سینەمای هەولێر هەماهەنگیتان هەیە لە سازدانی فیستیڤاڵەکە؟**

- بە داخەوە تا ئێستا نەخێر، ئێمە چەند جارێك سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەمای هەولێرمان کرد و زۆریش پێمان باش بوو بە یەکەوە ئەم پرۆژەیە بەڕێوە ببەین و پێشنیارمان کرد کە ئەم کارە هاوبەش بێت و ئەوانیش بەشدار بن، بەڵام وا دیار بوو کە خودی بەڕێوەبەرایەتیی سینەماش بیرۆکەی فیستیڤاڵێکیان هەبوو، هەر لەو کاتەوە ئەوانیش بە هەمان بیرۆکە فیستیڤاڵی خۆیان پێشکەش بە ئێمە کرد و داوایان لێکردین کە بەشداریی فیستیڤاڵەکەیان بین و داوای ٥٠٪ بودجەی گشتییان کرد، لە هەمان کاتدا پشتگیریی خۆیان بو هاوکاری کردنمان نیشان داوە.

**• ئێوە ژمارەیەك ئەستێرەی سینەماییتان بانگهێشت کردووە، هەڵبژاردنی ئەم ئەستێرانە بە چ پێوەرێك بوو؟**

- هەر وەك فیستیڤاڵەکانی جیهان ئێمەش پێمان باش بوو لەدەستپێك و یەکەمین فیستیڤاڵ و ناساندنی فیستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی هەولێر بە وڵاتانی جیهان و دنیا بتوانین چەندین ئەکتەرو ئەستێرەی نێودەوڵەتی بانگهێشتی هەولێر بکەین هەم کەلتوری کوردستان بەتایبەتی هەولێر بە دنیا بناسێنین و هەم کەلتوری وڵاتانی دیکە لە ڕێگای سینەما پیشانی هاووڵاتیانی کوردستان بدەین .

**• گرنگترین ئەو ئەستێرە سینەماییانەی کە بانگهێشت کراون کێن واتە ئەوانەی گرەنتی ئامادبوونیان وەرگرتووە و لە چەند وڵاتەوە دێن؟**

- تا ئێستا هەموو میوانەکانمان دیاری نەکراون، بەڵام لە ئێران (تەهمینی میلادی وەك دادوەر، ئیلهام حمیدی، ئیلناز شاکر دۆست، مستەفا زەمانی،لالی ئەسکەندەری ) لە وڵاتانی عەرەبی (ئەیمەن زێدان، ئیلهام شاهین، مونا واسیف وەك دادوەر لە وڵاتانی عەرەبی، سومەیە ئەلخەشاب، حوسێن فەهمی ) لە هیند، دراشتی (مەدهۆبالا)، سونێل دارەمەندار و زۆری تر لە تورکیا، برم سات یەلماز ئەردوگان. کادر ئینانیر، میماتی، بەرگوزەل کورێل، جان سۆداری و چەندین ئەستێرەی دیکەی تورکی و ئەورووپی، لە هۆلیۆدیش میوانمان دەبێت.

**• هیچ ئەستێرەیەکی دیکە هەیە لە کۆنتاك بن لەگەڵی بۆ ئەوەی ئامادە بێت؟**

- بەڵێ ئێمە بە ڕەسمی چەندین ئەستێرەی دیکەی هۆلیۆدمان داوەت کردووە، لەوانە ئەنجلینا جۆلی و براد پێت و ئارنۆلد وسیلفیستر ستالونی، زۆرێکیان بە خۆشحاڵیەوە ئامادەبوونیان نیشان داوە، بەڵام فیستیڤاڵی ئێمە دەکەوێتە هەفتەیەك پێش فیستیڤاڵی کان، بۆیە زۆربەیان خوازیار بوون ساڵی داهاتوو لە فیستیڤاڵی هەولێر ئامادە بن .

**• ئایا بەشداری کردنیان تەنیا بۆ هاتنە، یاخود فیلمەکانیشیان نمایش دەکرێن؟**

- بەشێکیان میوانی تایبەتی دەبن و زۆرێکیشیان بە هاوبەشی فیلمەکانیان بەشدارن بۆ نموونە، بیرن سات ئەکتەری سەرەکی فیلمێکی سینەماییە بە ناوی (بەنیم دونیایم) .

**• لە ناو کوردستان کێتان بانگهێشتکردووە لە شارەکانی دیکە؟**

- ئەم فیستیڤاڵە موڵکی هەموو سینەماکارەکانی کوردستانە، ئەوەی ئێمە ئێستا دەیکەین کارێکی شەخسی نییە بۆ کوردستانە بەبێ جیاوازی هیوادارین هەر سینەماکارێکی کورد بیەوێت بەشداری یەکەمین فیستیڤاڵی هەولێر بێت کارەکەی پێشکەش بکات و ئێمە لە ڕێگای وێب سایتی www.erbilfilmfestival.org تەواوی زانیارییەکانمان خستۆتە ڕوو و مەرجەکانی وەرگرتنی فیلم و کورتە فیلممان دیاری کردووە، پاش چەند ڕۆژی تر دەست بە ریکلامی گشتی دەکرێت، ئێمە وەك لیژنەی باڵا هەموو دەرهێنەرێکی کورد بەبێ جیاوازی داوەت دەکەین.

**• ئەی لە پارچەکانی دیکە؟**


- بێگومان میوانمان لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەبێت، لە ڕێگەی نوێنەرانمان لە هەر وڵاتێك سینەماکارێکی کورد کە کارێکی نوێی ئەنجام دابێت . بێگومان داوەتی دەکەین و پێشوازی لێ دەکەین.

**• خەڵاتی یەکەمەکانی فیستیڤاڵ چییە و چەندە و لە کوێ دیزاین کراوە؟**

- خەڵاتەکانمان بریتین، باشترین فیلم، باشترین دەرهێنەر، باشترین سیناریۆ، باشترین ئەکتەری کوڕ، باشترین ئەکتەری کچ، باشترین کامیرەمان، باشترین میوزیك، باشترین مونتاژ، خەڵاتی سەرەکیی فیستیڤاڵ بریتییە لە ئەسپی زێڕین، کە لە وڵاتی تورکیا دیزاین کراوە لە یەکەم تا سێیەم زێڕین دەبێت، خەڵاتی باشترینەکان مەبلەغێکی دیاریکراوی بۆ تەرخان کراوە.

**• ئایا فیستیڤاڵەکە دەبێتە نەریتێکی ساڵانە یان تەنیا بۆ ئەم ساڵە؟**

- بەڵێ ئەم فیستیڤاڵە ساڵانە بەردەوام دەبێت و هەوڵ دەدەین هەموو ساڵێك لە ٢٤ی مانگی ٤ بکرێت، هیوادارم بتوانین بەم فیستیڤاڵە خزمەتێك بە بواری سینەمای کوردستان بکەین، وەك ڕێکخەری فیستیڤاڵی فیلمی هەولێریی نێودەوڵەتی داوا لە کەرتی تایبەتی دەکەم بە گشتی پشتگیریی پڕۆژەی لەم شێوەیە بکەن بۆ زیاتر خزمەت کردن بە شاری هەولێر و کوردستان بە گشتی.



# نانسی بە لاسایی کردن

بەم دواییە خانمە هونەرمەندی لوبنانی نانسی عەجرەم نوێترین کلیپی خۆی بەناوی (ماتیجی هنا) بڵاو کردەوە کە لە دەرهێنانی جۆ بوعیدە و تێیدا ڕۆڵی کچێکی بە ناز و سەرنجڕاکێش دەبینێت کە شووتی دەفرۆشێت لە بازاڕێکی سەوزە فرۆشان و تا ڕاددەیەك وورووژێنەر و سەرنجڕاکێشە.

بەڵام ئەم کلیپە نوێیەی نانسی لە ڕەخنە بێبەش نەبوو و زۆر کەس لە هەوادارانی نانسی پێیان وابوو کە ئەم جۆرە دەرکەوتنە شایەنی نانسی نییە و ئەم کلیپەیان بەراورد کرد لەگەڵ کلیپێکی هەیفا وەهبی لە گۆرانی (بکرە بفرجیك)

# فیلمە نوێیەکەی ئەنجلینا لە ٢٧ وڵات نمایش دەک

کۆمپانیای دیزنی جیهانی کە بەرهەمهێنەری نوێترین فیلمی ئەستێرەی سینەمایی ئەنجلینا جۆلییە بە ناوی (Maleficent) دەستی بە هەڵمەتێکی بەرفراوانی تایبەتی ڕاگەیاندن کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەك پۆستەری نوێی فیلمەکەی لە چەندین وڵات بڵاوکردەوە وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ فیلمەکە کە بڕیار وایە لە یەکەم ڕۆژی نمایشیدا لە ٣٠ وڵات نمایش بکرێت.

فیلمی «Maleficent» لە دەرهێنانی ڕۆبێرت سترۆمبرجە و ژمارەیەك ئەستێرەی سینەمایی ناودار بەشداری تێدا دەکەن وەك cent ٥٠ وجۆنۆ تامبێل،ئالڤانینج، ئیندیا ئیزلی، پرینتۆ سویتس، شارلیتۆ کوبلی،میراندا ریتچاردسۆن وئیمیلدا ستانتۆن، لیزلی، مانفیل و ماراما کۆرلیت، فیلمەکە لە چوارچێوەی فەنتازیا و خەیاڵە بە شێوەی چیرۆکێکی کلاسیکی دەربارەی شازادەی ( جوانی خەوتوو)، ئەم چیرۆکە لە ساڵی ١٩٥٩ پێشکەش کراوە.

بودجەی فیلمەکە گەیشتە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار و جگە لە ئەنجلینا، ڤیڤیانی کچەکەشی ڕۆڵێکی بچووکی دەبێت



## ـــــەوەی هەیفا تۆمەتبارە

کە لە شـــاری ناپۆلی ئیتالی وێنەی گیراوە و بە هەمان شێوە ســـەوزە دەفرۆشێت و لە یەکچوونێکی نزیك لە نێوان هەردوو کلیپەکەدا هەیە بەتایبەت لە پۆشـــینی کراســـی سوور.

لە هەمان کاتدا بەشێك لە جەماوەری نانسی کلیپەکەیان بە ئاســـایی وەرگرت و بـــە کلیپێکی دیکەی نانســـی بەراوردیان کرد کە بەر لە دە ســـاڵ وێنەی گرتبوو، بەڵام هەندێك دەستکاری کردبوو بۆ ئەوەی بە دووبارە کردنەوەی سیناریۆکە تۆمەتبار نەکرێت.

## ـــــریٚ

ئەویش رۆڵیٚ شازادە (ئۆرا)یە.

پێویستە بوتریٚ کە ئێســـتا ئەنجلینا خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەنجامدانی نەشـــتەرگەرییەکی دیکە بۆ خۆپاراستن لە شـــێرپەنجە ئەویش بریتییە لە دەرهێنانـــی منداڵدان، پاش ئـــەوەی لەناکاو هەردوو مەمکی خۆی بڕییەوە لە ترســـی تووشـــبوون بە نەخۆشی شێرپەنجەی مەمك، چونکە پێشتر دایکی بە هەمان نەخۆشی کۆچی دوایی کردبوو.



## خەونە سەیرەکەی تایلۆر چییە؟

هەر ئەســـتێرەیەکی بواری هونەری ئاواتێکی تایبەتی هەیە کە هەمیشـــە خەون بە بەدیهێنانی دەکات و بەردەوام لە هەوڵداندایە بۆئەوەی بیکات بە راســـتی، وەك گەیشـــتن بە ئاســـتی ئەستێرەیەکی جیهانی یان بەشـــداری کردن لەگەڵی یان بردنەوەی یەکێك لە خەڵاتە جیهانییە ناودارەکانی وەك گرامی یان ئۆسکار کە بە رێگایەوە زیاتر بناسرێت و لەسەر ئاستی جیهان ببێتە ئەستێرەیەکی دیار.

تایلۆر مۆمســـۆنی ئەســـتێرەی جیهانی ئاواتەکەی جیاوازترە لە هەموو ئەســـتێرەکانی تر و تا رادەیەکی زۆریش ســـەیرە، چونکە ئاواتی سەرەکیی ئەم کچە ئەوەیە کە بە رووتی لەسەر بەرگی گۆڤاری پلەی بۆی دەربکەوێت، بیرۆکەی ئەم خەونە سەیرەی تایلۆر ئەو کاتە هاتە ئاراوە کە بە رووتی لەسەر بەرگی ئەلبوومە نوێیەکەی وێنەیەکی نیمچە رووتی بڵاوکرایەوە و زۆر لە جەماوەر و هەوادارانی تووشی شۆك کرد.

لەم بارەیەوە تایلۆر دەڵیٚ: من زۆر خۆشـــحاڵم بەوەی جورئەتم هەبوو بەم شـــێوەیە وێنەکانم لەسەر بەرگی ئەلبوومەکەم بڵاوبکەمەوە و دڵنیام زۆر لە جەماوەرەکەم بەم هەنگاوە خۆشـــحاڵ دەبن، چونکە بیرۆکەیەکی نویٚ و تایبەتە.

شایەنی وتنە تا ئێستا هیچ پێگەیەکی هونەری جیهانی ئاشکرای نەکردووە کە تا ئێستا هیچ شتێکی لەم بابەتە پێشکەش بە تایلۆر کرا بێت بۆ وێنەگرتن لەسەر بەرگی پلەی بۆی، یان تەنیا مەبەستی ئەوەیە سەرنجی میدیاکان بۆ خۆی رابکێشێت.





## هێرۆ حەسەن زادە:

# ئافرەتی کورد لە هونەردا بەها بۆ خۆی دانانێت

**• وەك کوردێکی ڕۆژهەڵات کە ماوەی دوو ساڵە لە هەرێمی کوردستان لە بواری نواندن کارت کردووە، چ شتێك زیاتر سەرنجی ڕاکێشای بە لایەنی ئیجابی و سلبییەوە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئافرەتی هونەرمەندەوە هەبێ؟**

- هاتنە نێو بواری هونەری و نواندن بەتایبەتی حەزێکی شەخسی خۆم بووە و لە سەرەتاشدا ئەو حەزە لە ناخی مندا هەبووە، یەکەم جار من بۆ گەشت هاتمە کوردستان و لێرە کارێکیان پێشکەش کردم، لەبەر ئەوەی کە حەز و خولیای من هونەر بووە ڕازی بووم، ئەگەرچی خوێندنی من لە بوارێکی جیاوازە و لە هونەر و سینەما نزیك نییە ئەویش بواری بیناسازییە، سینەما و هونەر بە گشتی زەحمەتە بۆ هەر کەسێك ئەگەر بە تەواوی لێی بزانێت بەتایبەتی ئەگەر لە هەنگاوەکانی سەرەتای بێت و تەنانەت کە چووە نێو بوارەکەش لێی شارەزا نابێ بە تەواوی، چونکە هونەر بە گشتی زۆر کراوەیە و خاوەن پەیامێکە، هەندێك فیلم هەیە خۆیان جۆرێك لە کودەتایان تێدا دەبینرێ یان پەیامێکی تێدایە کە ئاڵوگۆڕی بەسەر کۆمەڵگادا هێناوە.

**• لە وڵاتێکەوە هاتیت کە سینەما تێیدا گەیشتووەتە قۆناغێکی پێشکەوتوو و خۆیشت بواری بیناسازیت خوێندووە، لەوێ نەتدەتوانی لە بواری سینەما بخوێنی؟**

- نەخێر نەمدەتوانی، دیارە میدیا و سینەما خاوەن پەیامێکی زۆر گرنگن لە کۆمەڵگادا بەتایبەتی لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان.

**• پێوەندیت لەگەڵ سینەماکارانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوانەی لە مهابادن هەبوو؟**

- وەك سینەماکارانی مهاباد پێوەندیم لەگەڵ سینەماکاران نییە، بەڵام پێوەندیی باشم لەگەڵ چەند کەسێکی تەلەفزیۆنی مهاباد هەبوو.

**• لە مهاباد بەشداریت لە هیچ کارێکی دراما و نواندندا کردووە؟**

- نەخێر کاری درامام لە ڕۆژهەڵات نەکردووە، بەڵام وەك کۆمپارس لە تاران بەشداریم لە فیلمی (نەسرەدین شای قاجار) کردووە.

**• کە هاتیت بۆ کوردستان چۆن دەرفەتی ئەوەت بۆ ڕەخسا ئەو حەز و خولیا و توانایەی هەتە لە بواری نواندندا دەریبڕی ؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت وەك پێشتریش باسم کرد بە ڕێکەوت بوو، لە شوێنێك دانیشتبووم کچێك هات وتی: حەز دەکەی لە تەلەفزیۆندا کار بکەی، منیش وتم بۆ نا؟ دواتر چووم تێستم کرد و هەرچەندە من پێشتر لەبەردەم کامیرای تەلەفزیۆن وەستا بووم، بەڵام بەو شێوەیە نەبوو کە کارێکی هونەری ئەنجام بدەم یان پاڵەوانی فیلمێك بم، یاخود کاری پێشکەشکاری بکەم، سەرەڕای ئەوەش لە یەکەم تێست دەرچووم، ماوەیەك لەوێ کارم کرد، بەڵام دواتر کارەکە بۆ من نەگونجا و ئەو شوێنەم جێهێشت.

**• تا ئێستا لە چەند فیلمدا بەشداریت کردووە؟**

- وەکو فیلم لێرە لە ٣ فیلمدا بەشداریم کردووە لە ئێرانیش وەکو کۆمپارس لە فیلمی (نەسرەدین شای قاجار) بەشداریم کردووە و هەمووشیان فیلمی درێژ بوون، چونکە من تا ئێستا بەشداریم لە کورتە فیلمدا نەکردووە.

**• لە فیلم و سینەمای کوردی بە گشتی چ شتێك هەیە کە بۆ تۆ مایەی دڵخۆشی بێت و زیاتر هانت بدات بۆ بەردەوام بوونت لە سینەمادا؟**

- بێگومان کەموکوڕیمان زۆرە، بەڵام ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە بەهۆی ئەو گەنجە بە توانایانەی هەن دەتوانین کاری باش بکەین، هەروەها کەسانی زۆر بە توانامان هەیە کە تەمەنیان لەو بوارەدا بەسەر بردووە، ئەمانە شایەنی ڕێز و تەقدیرن، بەڵام بەداخەوە وەکو پێویست بە کار و ماندووبوونیان نازانن.

**• ئایا سینەماکارە بە تەمەن و شارەزاکان وەکو پێویست هاوکاری و هەماهەنگیی سینەماکارە لاوەکان دەکەن، وەك خۆت، کەس لەوانە هاریکاریان کردوویت؟**

- بێگومان هەبوون و زۆریش هاریکاریی منیان کردووە کە ئەکتەر بوون و کاری جوانیان کردووە، ئەگەرچی بیروبۆچوونیان لەگەڵ گەنجەکانیش زۆر جیاوازە، چونکە بەداخەوە هەندێك گەنج هەن کاری زۆریشیان ئەنجام نەداوە، بەڵام جۆرە غرورێکی زۆریان هەیە، لەکاتێکدا پێویستە مرۆڤ لە هەر بوارێکی ژیانیدا لە لەخۆبایی بوون دوور بێت وەك دەڵێن (دار تا باری زیاتر بێت سەری نزمترە) من ئەمەم لە ئەزموونی چەند کەسێك بینیوە.

**• ئەی ئێوە وەك گەنج چۆن دەتوانن سوود لە ئەزموونی شارەزاکان وەربگرن و ئەوانیش بتوانن سوود لە توانا و خولیای ئێوە وەربگرن لە بواری سینەمادا؟**

- کاری سینەمایی هەبێت پێکەوە ئەنجامی بدەن، یان خولی تایبەت لەو بوارە پێشکەش بکەن، یان لە شوێنێك یان سەنتەرێك هەبێت تێیدا بتوانن کۆببوونەوە و گفتوگۆی کراوە دەربارەی هونەر بکەن و گەنجان پێشنیار پێشکەش بە خاوەن ئەزموونەکان بکەن و سوود لە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانیان وەربگرن و بەرنامەی کاریان تێدا دابنێن و ڕۆژانە هونەرمەندان بە گشتی سەردانی بکەن، من تا ئێستا ئەم شتەم بەدی نەکردووە، بەڵام پێم باشە جۆرە سەنتەرێکی لەو جۆرە هەبێت بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەین و سوود لە ئەزموون و کاری یەکتری وەربگرین.

**• هەمیشە دەڵێن سینەمای کوردی وەکو پێویست نییە، ئایا هۆکاری ئەمە چییە؟**

- زۆر بە داخەوە دەڵێم لە بواری سینەمادا جۆرێك لە گەندەڵی

**ئەگەرچی سەرەتا بە پێشکەشکاری و کاری دیزاین دەستیپێکرد، بەڵام بە بەشداری کردنی لە فیلمێکی سینەمایی سەرنجی سینەماکاران و دەرهێنەرانی بۆ خۆی راکێشا، لەم دیمانەیەدا هێرۆ حەسەن زادە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**



و نادادپەروەری هەیە و ئەوانەی لە بواری سینەمادا کار دەکەن لەگەڵ یەکتر راستگۆ نین و ئامانجیان پێشکەش کردنی فیلم و پێشخستنی کاری سینەمایی نییە، من کە لە دوورەوە سەیری سینەمام دەکرد زۆر خۆشحاڵ دەبووم، بەڵام کە هاتمە نێو بوارەکە بینیم تەنیا چوارچێوەی کارەکە جوانە و هەر کەسێك بە دوای بەرژەوەندیی خۆیەتی، راستە هەر کەسێك لە هەر بوارێك ناوبانگ دەربکات و سەرکەوتوو بێت لە پەنای ئەمە لەرووی ماددیشەوە سوودمەند دەبێت، راستە لە ماوەی سەدان ساڵی رابردوودا هەر پارچەیەکی کوردستان بە جۆرێك چەوساوەتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە دڵسۆز بین بۆ کارەکەمان و بتوانین بە راستگۆیی کەلتوور و فەرهەنگ و رابردووی نەتەوەیەك نیشانی دنیا بدەین، پێویستە بە دڵسۆزییەوە کاری بۆ بکەین نەك بەرژەوەندیی خۆمان پێش بەرژەوەندیی گشتی بخەین.

**• ئایا دەکرێ کاری هونەری پێش بەرژەوەندیی شەخسی بکەین؟**

-نەخێر، بەڵکو پێویستە سەرخستنی کارەکە و پێشخستنی سینەما ئامانج بێت، من لە زۆر کاردا بەشداریم کردووە بێ بەرامبەر.

*** ئەی لایەنە سپییەکەی سینەمای کوردی چۆن دەبینی؟**

- بواری ئەوە هەیە ئەو کەسانەی خولیای سینەمایان هەیە بێنە پێشەوە و تواناکانی خۆیان دەربخەن بۆ ئەوەی سینەمای کوردی پێشبکەوێت، چونکە سینەمای کوردی کراوەیە و زۆر سنووردار نییە و دەتوانرێ کاری زۆری تێدا بکرێ و توانای سینەماکار دەربخرێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر توانا و شارەزایی ئەو کەسەی کار دەکات، بەداخەوە زۆر لەو کەسانەی کە بودجەیان لە بەردەستە و ئەو کارەی پێویستە بیکەن نایکەن یان وەکو پێویست نییە.

*** بە ئەکادیمی بوون بۆ سینەما کارێکی زەرورە؟**

- نەخێر زەرور نییە، چونکە زۆر کەس هەن لە سینەماش نەیانخوێندووە، بەڵام بەهرە و توانایان لە بوارێکی دیکەدا ئەمەش لە ناخی خۆیدا هەیە و زۆریش تێیدا سەرکەوتوو دەبێت.

*** ئەو مافەی پێویستە بە ئافرەت بدرێت لە بواری هونەری پێیدراوە؟**

- نەخێر پێی نەدراوە، ئافرەت بەها بەخۆی نادات کە ئەمە زۆر پێویستە، بۆ نموونە زۆر کار هەیە ئافرەت دەڵێ دەیکەم، بەڵام دواتر نایکات، من وەك ئافرەت هەر رۆڵێکم پێ بدرێت دەبێ بیکەم و ئەو پەڕی هەوڵی خۆم بدەم، بەداخەوە زۆر رۆڵ هەیە ئافرەت لە سینەما و تەلەفزیۆن و شانۆدا نایکات.